دێرین
ژمارە (٩) دووشەممە ٢٠٠٧/١/١٥

## سەلیم حەمە ئاغا؛ پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان:

# تاکو دوا فیشەکم نەتەقاند، نەخۆش نەبووم!



سەلیم حەمە ئاغا

**دیدا ر: محەمەد سیاسی ئەشکەنەیی**

یەکێك لەسیما جوانەکانی پێشمەرگە، ڕەوشت و ئاکاری بەرزە، ئەوەی هەرگیز مرۆڤ لێی پەشیمان نییە، کارە جوانەکانە، کاك سەلیمی حەمەئاغاش خاوەنی زۆرئاکاری جوانەو هەمیشە دەرگای کراوەو جێگای ڕێزی تایبەتە لای هەموو ئەوانەی دەیناسن، بەڕێزی ئەو فەرماندە تێکۆشەرەیە کەهەمیشە لەشەڕەکاندا لەسەنگەری پێشەوە بووە.

بەداخەوە ماوەیەکی زۆرە تووشی نەخۆشیەکی درێژ خایەن بووەو ژیانی لەمەترسی دایە، بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی هەردوو ولاتی (نەمساو ئێرانی)کردووە، بەلام چارەسەری نەکراوە.

سەلیم حەمە ئاغا سالی (١٩٥٢) لەدایك بووەو لەسالی (١٩٧٧)وە خێزانی پێکەوە ناوەو دوای چەند مانگێك خۆیو خێزانی دەچن بۆ ناوچەی ئازادکراوەکان لەگوندی نێزۆکە نیشتەجێ دەبن، پاشان دەبێ بەپێشمەرگە لەهەرێمی (٤).

لەژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین پلەی بڕیووە، وەك: فەرماندەی مەفرەزە دواتر بووەتە فەرماندەی کەرت و ماوەیەك جێگری تیپی ٦٨ی مامەندەو دواتریش لەبەر لێهاتویی و لێوەشاوەیی خۆی لەسەر بڕیاری هەڤالی بەڕێز(مام جەلال) کراوەتە فەرماندەی تیپی ٣٧ی شارباژێر.

لەژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندارەدەبێ، یەکەم جار لەگوندی دەشتێو سالی ١٩٧٩ کە لای قادرئاغای نورەدین لەهەرێمی (١١) پێشمەرگە دەبێ و دوەمیشیان بەگواستنەوەی بۆ تیپی شارباژێر بەشداری شەڕی ١٠١ ڕۆژەی قەیوان ماوەت دەکات و بەسەختی لەو شەڕەدا بریندار دەبێ، دواتر دەگوازرێتەوە بۆ ئێران بۆ نەخۆشخانەی شاری مەشهەد، ماوەی سێ سال بەو برینەوە لەنەخۆشخانە دەبێت. کچێکیشی لەسالی ١٩٨٦دا لەکاتی ئامادەکردنی خۆراك بۆپێشمەرگە، دەسوتێ و بەوهۆیەشەوە گیان لەدەست دەدات.

سەلیم حەمە ئاغا سەبارەت بە ساتە ناخۆشەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی وتی: ناخۆشترین ساتم شەهید بوونی هەڤالەکانم بوو، ئەوانەی هاوسەنگەرو هاوخەباتم بوون لەبرسێتی و سەرماو گەرما دوور لەکەس و کاریان لەسەنگەری بەرگریدا شەهید بوون، بۆیە بەردەوام لەخەمو خەیالی ئەوان دابووم یادی بیرەوەریەکانیانم دەکردەوە لەجەولەو کۆڕو کۆبونەوەکانماندا هەمیشە ئەوان لە گەلم دابوون، یادگاریەکانیان قەت بزر نەدەبوون.

سەلیم حەمەئاغا دەلێ: ئەوکات بەشەو مەفرەزە مەفرەزە دەهاتینە ناو گوندەکان نانمان دەخواردو بەشی چەند ڕۆژێکیشمان نان لەتورەکەیەکەوە دەپێچا تاکو بەڕۆژ بیخۆین، چونکە بەڕۆژ لەبەر فرۆکە نەمان دەتوانی بێینە دەرەوە.

پاشان ئەم پێشمەرگەیە بەئازاری ئەم نەخۆشییەی کەتوشی هاتووە ئەم بەسەرهاتە خۆشەی بۆگێڕاینەوە: لەو بارودۆخە خراپەی پێشمەرگایەتیی، جارێکیان تۆپبارانێکی زۆر خەستمان لەسەر بوو، چووین بارەگامان لەدۆلەگۆم دانا، لەناو ئاغەلە کۆنێکیدا بەنایلۆنی ڕوون دەرگامان گرت و تەواومان کرد، یەکێ لەپێشمەرگەکان ووتی شتێکمان لەبیر چوو، وتمان چی؟ وتی: بەشی پەنجەرەمان نەهێشتەوە، ئێمەش ووتمان ئەوەنیە نایلۆنەکە وەك پەنجەرە وایە، ئەویش وتی: خۆ وەللا وایە، ئێمەش دامانە قاقای پێکەنین.

سەلیم حەمەئاغا ووتی: بەڕێز مام جەلال سێ کەسی بەنوێنەرایەتی خۆی ناردە لای من کە بریتیبوون لەبەڕێزان:حاکم قادرو شێخ عەلی و عارف ڕوشدی تاکو لەحال و گوزەرانم بپرسن و بزانن چیم پێویستە، بۆیە سوپاسی مام جەلال و ئەوانەی سەردانیان کردم، دەکەم.

جێگای ڕێزیشە بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی لێمی پرسی و هیوای چاکبوونەوەی بۆخواستم، هەروەها زۆر سوپاسی کاك مستەفای سید قادر دەکەم کەزۆرم پێوە ماندوو بوو کاری سەفەرەکەمی بۆ تەواو کردم، بۆیە ئیتر بەسەردانی ئەو بەڕێزانەو هەموو هەڤالە پێشمەرگەکانم و دۆستان و هاوڕێیانم زانیم کە ئەو خەباتەی کردوومە بەزایە نەچوەو خەلك بۆم بەپەرۆشە.

سەلیم حەمە ئاغا وتی: لەسالی ١٩٧٨وە تاکو سالی ٢٠٠٣ بەشداری هەموو شەڕەکانم کردووە، لە هەکاریەوە تاکو جوند ئیسلام، بەلام تاکو ئاخیر فیشەکم تەقاند نەخۆش نەبووم، کەئێستا سیەکانم نەخۆشەو چارەسەری نییە؟؟!!

وتیشی: بەحوکمی نەخۆشیەکەمو مال و میوان و خوێندنی منالەکانم مەسرەفێکی زۆرم هەیەو هیچ کاتێ مووچەکەم ناگاتە سەری مانگ و تەواو ئەبێ، چونکە وەك کارگێڕی فەرماندەیی گشتی خانەنشین کراوم و خێزانەکەشم وەك ژنی شاخ تەنها (٦٠)هەزار دینار موچە وەردەگرێت.

دواتر سەلیم حەمەئاغا لەداواکاریەکدا بۆ کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان وتی: دروستبوونی ڕێکخراوێك بەناوی کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکان شتێکی باشەو پشتیوانە بۆ پێشمەرگەی کۆن، کێشەو کەموکوری و داواو پێشنیارەکانیان دەگات بەشوێنی مەبەست، لەکۆتایشدا وتی: لەڕێگای کۆمەلەوە داوا لەو لایەنانە دەکەم کە ئەوانەی کاریان پێ دەکرێ بۆ پێشمەرگەی دێرین کاری باشیان بدەنێ، ئەوەی توانای کاریشی نەماوە با موچەیەکی باشیان بۆ ببڕنەوەو تاکو بەباشی ژیانیان بەڕێوە بچێ، تووشی خەمو خەفەت نەبن و کوڕو کچەکانیان خوێندەوار بکەن، تا بەنەخوێندەواری نەمێننەوەو ئەوانیش لەدوا ڕۆژدا خزمەت بەنەوەکانی دوای خۆیان بکەن.

## بیرەوەری

# کاریکاتێرو ژیانی پێشمەرگایەتیی

**خالید مەلا عەبدوللا**

سالی ١٩٨١ لەدوای یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان، من و کاك جەبار فەرمان ماوەیەك تەجمید بووین، لەزەلا، سەرو هۆدەمان لەبەردو قوڕ دروست کرد، دیارە لەمانگی ئەیلول بەدواوە ئیتر ئەو کوێستانە ووردە وردە سەرماکەی زیاد دەکات.

کاك عەلی بچکۆل لەسەردەشت گەڕابۆوە ئەو کاتە کاروانی کوڕی لەدایك ببوو، دیارە کاك عەلی بچکۆل لەتەمەنێکی گەورەدا ژنی هێنابوو، بۆیە ئەو مندالەی کە ئاواتەخوازییان بوو، ناویان نا (کاروان)، وابزانم بەناوی (شەهید کاروان چالاخی) کەلەگەل شەهید جەمالی عەلی باپیر شەهید بوو ناویاننا، چونکە کاك عەلی ئەو کاروانەی زۆر خۆش دەویست و کاروانی خەباتی کاك عەلی بچکۆل زۆر سەخت و دژوار بوو. کاك عەلی بەسواری ولاخە بەرزە کەکاروانی کوڕی لەبەردەمیدا دەبێت، ولاخەکە سەرسمتێك دەدا، بۆئەوەی ئەویش لەترسی مندالەکەی گەر بشکەوێ کاروان هیچی لێ نەیەت کاك عەلی کوڕەکەی بەسنگیەوە دەنوسێنێت و بەپشتا دەکەوێت و سەری بە سەختی بریندار دەبێت، بەوهۆیەوە بڕیار دەدەن کاك عەلی ببەن بۆ ئێران، نازانم هۆکەی چی بوو کاك عەلی نەدەچوو بۆئێران. لەو بارەگایە هەموو برادەرانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و ناوەندەکانی کۆمەلەو شۆڕشگێران کۆبوونەوە. ئەوەندەی لەیادم مابێت ئەوەی لەسەرکردایەتیی بوو ڕژابوونە ئەو سێ هۆدەیەی کەبۆ کاك جەبار فەرمان و کاك عەلی بچکۆل و مامۆستا ئیبراهیم جەلال دروستکرابوو. ناوێرم ناوی هەڤالان بهێنم لەترسی لەیادچوونی هەندێکیان، کاك عەلی ماوەیەك بێهۆش کەوت، ئێمەش بەفرسەتمان زانی دوو گونییەی گەورە(شلیف)مان پڕ لەکا کرد، هێنامان بەبێهۆشی خستمانە ناو تابوتێکەوەو توند بەسەر ولاخێکەوە دامان مەزراند، زۆر سەیر بوو پێمان وابوو کاك عەلی بەئاگا نایەتەوە، کەچی ئەوەندەی پێنەچوو دەستی کرد بە هاوارو قسەکردن و وتی بۆ وام لێدەکەن؟ بۆ دەمنێرنە ئێران؟ خەریك بوو خۆی هەلدا، ئەو ناوە ئەوەندە قەرەبالغ بوو پڕبوو لەهەڤالانی سەرکردایەتیی، مالی ئاوابێت کاك دکتۆر فوئاد مەعسوم هات و لەومەینەتییەی ڕزگار کردین، تۆزێك سەرزەنشتی کاك عەلی کردو وتی: بەزۆربێ و بەخواییش، بەئەمریش بێ هەر دەتنێرین، باش بوو کاك عەلی قەناعەتی کرد، ئیتر کۆمەلێك لەگەلیدا ڕۆیشتین و ڕەوانەیان کرد.

ئەوەندەی پێنەچوو مام جەلال هاتە خوارەوە، وەك پیشەی هەمیشەیی کردیە هەراو قسەی خۆش و پێکەنین، شەهید ئەنوەر حەسەن وتی: بەخوا باش بوو کاك عەلی ڕۆیشت دەنا بەم گالتەوگەپەی مامە ئەوەندەی ترشێت دەبوو، نەدەچوو. مامە قۆلی کرد بەقۆلی کاکە عەبەداو وتی: عەبە گیان کوا دەلێن کاریکاتێرت کردووە؟ دادەی نیشانم بدە، مامۆستا برایم جەلالیش وتی: بەخوا مامە کاریکاتێری لەسەر تۆش دروستکردووە، کاکە عەبە ڕەنگی تێکچوو، مامە وتی: دادەی کاکە عەبە بیانهێنە، کاکە عەبە بەسەر ئیشارەتی بۆمن کرد، ئێمەش چووین و کاکەعەبە دوو کاریکاتێرەکەی کە مەبەست بوو دای بە من و وتی مەلا گیان ئەمانەم بۆ بشارەوەو نیشانی کەسی نەدەی، پاشان کاریکاتێرەکانی تری بردە بەردەمی مام جەلال، مامەش هەمووی تاوتوێ کردن، کاك برایم جەلال وتی: کاکەعەبە کوا ئەوانی مامە؟ کاکە عەبە وتی: کوا هەر ئەوەندەیەو من هیچم لەسەر مامە نەکردووە. مامۆستا برایم سوێندی خوارد پێش سەعاتێك خۆم بەم چاوانە دیومن کوا ئەوانەی مامە-ت لەکوێ شاردۆتەوە؟ مام فەرمووی کاکە عەبە بیکە.. بیکە کاریکاتێر دەوری خۆی هەیە، لەسەر هەر دیاردەیەك دەتەوێ کاریکاتێر دروستبکە. کاکە عەبە بەم بڕیارەی مامە ڕزگاری بوو وتی: مامەگیان ئەمر دەکەی، مامەگیان ئەمر دەکەی.

شایانی باسە کاکە عەبە کاریکاتێرەکانی ئەوەندە جوان و بابەتی ڕۆژگاربوون، پێشمەرگە لەهەرێمەکانەوە بە تایبەتی دەهاتن بۆسەیرکردنی، کاریکاتێریش شتێکی نوێ بوو بۆئێمە، ئاشناییمان نەبوو لەگەلیدا.

ماوەیەك دوای ئەوە من و کاك جەبارو کاك برایم جەلال و شەهید هاوارو شەهید ئەنوەر حەسەن بەیەکەوە دەژیاین دایکی مامۆستا برایم و کاك هاوار هاتبوو بۆلای کوڕەکانی، شەهید ئەنوەر وتی خالیدباچین بۆلای دایکی کاك هاوارو مامۆستا برایم و پاشان چووینە دەرەوە، لەپەنجەرەی هۆدەکەی کاك برایم جەلال سەیری ژوورەکەی کردو منی گەڕاندەوە دواوەو وتی: ناچین بۆلایان و مات بوو، غەمێك دەموچاوی داگرت، وەکو شتێکی زۆر عەجیب و غەریبی دیبێ، وتم کاك ئەنوەر چییە دەموچاوت تێکداوەو نەتهێشت بچین بۆلای دایکی کاك برایم و چایەك پاقلاوەیەکمان نەخوارد؟ کاك ئەنوەر هیچی نەوت، وتم ئەرێ دلم شەقی برد خۆم ئەچم، دەستی گرتم وتی بەخوا ناچی. وتم بۆچی؟ کاکە من حەزم لەپاقلاوەیە، وتی بەیانی دەنێرم یەك کیلۆ پاقلاوەت بۆ دەکڕم، وتم کاکە تۆ من شێت دەکەی من ئێستا حەزم لێیەتی، وتی بەخوا ناچی، با بۆت باس بکەم. کە سەیرم کردن لەپەنجەرەکەوە بینیم دایکی مامۆستا سەری هەردوو کوڕەکەی خستبووە سەر ڕانەکانی و بە پەنجەکانی سەری بۆ دەخوراندن. ئینجا بەخەمبارییەوە وتی: ئاخ خۆزگە منیش دایکم نەدەمردو جارێکی تر سەری دەخوراندم، ئەوسا من بمردمایەو مەرگی دایکم نەدیبا. شەهید ئەنوەر ماوەیەکبوو دایکی مردبوو دیاربوو زۆری خۆشدەویست، پاش ماوەیەك کرا بەفەرماندەی هەرێمی دوو، هاتە گاپیلۆن و زۆر داوای لێکردم کە لەگەلیدا بچم بەلام من تەجمیدیەکەم هەر مابوو هیلاکیش بووم دەمویست نەچم. دوای ماوەیەك و لە مانگی شوباتی سالی ١٩٨٢ چووم بۆگوندی کانی مەنمی نزیك تاسلوجە، بەمەبەستی بەسەر کردنەوەی ڕێکخستنەکانی ئەو ناوچەیەو خزمەکانیشم بەسەرکردەوە.

لەوکاتەدا هەوالی شەهید بوونی کاك ئەنوەرم پێگەیشت، زۆر گریام چونکە بەڕاستی زۆرم خۆشدەویست، ئەوشەوە لەخەمی کاك ئەنوەر تابەیانی نەخەوتم، بیری شەوەکەی مالی کاك ئیبراهیم جەلالم کەوتەوە، بۆیە وتم: سەد ڕەحمەت لەگۆڕت دایکی کاك ئەنوەر کەمردیت و مەرگی کوڕەکەت نەدی.

یادی بەخێر ئەو ڕۆژگارە کەئەو هاوڕێ جوان و خۆشەویستە قارەمانانەی ئەم یادەوەریانەیان بۆ بەجێ هێشتین.